مەهاباد قەرەداغی

# قەیرانی ینک بە دانانی جێگرێک چارەسەر دەبێت؟!



**تراژیدیای گەورە تاوانی مرۆڤە خراپەکان نییە ،**
**بەڵکە بێدەنگی مرۆڤە باشەکانە .**

**مارتین لۆتەر کینگ**

## دەروازەیەک بۆ ناو بابەت:

ئەو هەواڵەی کە هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگایەندن بەهەزارحاڵ دەستیان کەوت و چۆرِ چۆرِ بە خەڵکیان گەیاند سەبارەت بەو گۆڕانکارییانەی کە لەناو سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا ڕوویداوە و ڕوودەدات، لە وڵاتێکی ئاسایی و دیموکراسیدا لە خودی ڕۆژنامەکانی ئۆرگانی ئەو حیزبەوە بڵاودەبێتەوە و بێ هیچ سڵکردنەوەیەک قسەکەرانی ڕەسمی حیزب بە بەڵگە و لێکدانەوە و شیکردنەوە سیاسییەکانیانەوە بە ڕای گشتی ئەو وڵاتەی دەگەیەنن. وەلێ مەخابن، یەکێتیش و تێکڕای حیزبەکانی وڵاتی ئێمە "کوردستان" دوای تێپەڕبوونی سێزدەساڵ بە سەر ئەزموونی فەرمانڕەواییەک کە لە دەربڕین و وێژەی حیزبییدا بە "دیموکراسی" ناوی دەبەن، کەچی لەمەر پرۆسەیەکی ئاسایی گۆڕانکارییەکی بچووکی هەرەمی دەسەڵات لەناو حیزب دا و، دەستکارییەکی سوکەڵەی پرۆگرام و پەیڕەونامەی حیزب، کۆبوونەوەکانیان و ناوەڕۆکی باس و گفتۆکانیان لە مەڕ گۆڕانکارییەکان بۆ ڕای گشتی شاراوە و نەزانراون. ئەمەش وا دەکات دوو وێنەی هاودژ و دوو جۆر هەواڵی یەکترڕەتکەرەوە بە ڕای گشتی کورد بگات.

**جۆری یەکەم** لە ڕۆژنامە سەربەخۆ و ئازادەکانەوە و لە هەندێ پێگەی ئینتەرنێتەوە، کە بە مانشێتی گەورە هەواڵەکان بەو شێوەیە دەگێڕنەوە کە وا بداتە بەرگوێ و چاو "ناکۆکی کەوتبێتە نێو سەرکردایەتی یەکێتییەوە، یەکێتی باڵی لێ پەیدا بووبێت و هاکا باڵەکانی لەیەکدی بترازێن، هەندێ لە سەرانی یەکێتی دژی مام جەلال کودەتایان کردبێت و، هتد.. ".

**جۆرەکەی تری** هەواڵیش لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە ئۆرگانی یەکێتییە و، لە کوردسات و پێگەکانی ئینتەرنێتی سەر بە ینک، کە وێنەی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بڵاودەکاتەوە لە دۆخێکدا کە هەر هەموویان دڵیان خۆشە و پێدەکەنن، "بە بەڕێزان کۆسرەت ڕەسوڵ و نەوشیروان مستەفا و عوسمانی حاجی مەحمودیشەوە کە ئەم بەڕێزانە – کوڕی باش و دڵسۆزن-بەڵام لە کەشی گشتی و ڕەسمیدا ئەوەندە جددین بە دەگمەنیش نەبینراوە پێبکەنن، دیارە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیش کەشێکی گشتی و دۆخێکی ڕەسمییە".

ئەم پێکەنینە بێ هۆ نییە و دەبێ ختووکەیەکی سیاسی تێدا بێت. ئەو وێنەیە بە تایبەتی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو وێنەیە گیراوە کە لە هەفتەنامەی "هاوڵاتی"دا بڵاو کراوەتەوە و، لەوێدا پێدەچێ هەردوو بەڕێزان مام جەلال و کاک کۆسرەت لە دۆخێکی فرەقەیراناوی و تووڕەییدا بووبن، هیچ نەبێت لە ساتی وێنەگرتنەکەدا. هەروەها بۆ دڵنیاکردنەوەی ڕای گشتییە لەوەی کە

ناکۆکییەک لەناو سەرکردایەتی یەنک دا لە ئارادا نییە. بەڵام ئایا ئەمە وەڵامێکی ئاسایی و سیاسییە کە یەنک بە پرسیارەکانی جەماوەر و بە چاودێرانی سیاسی و بەتەنگەوەهاتووانی کێشەی کورد و کۆمەڵگەی کوردی دەداتەوە؟ ئاخۆ ئەمە هەڵوێستێکی نەریتییە یان هی حیزبێکە کە خۆی بە بوێر و هاوچەرخ و پێشکەوتنخواز و دیموکرات دەناسێنێت؟ مەخابن یەنک بەم وەڵامە سادەیەی کە بە وێنە بە پرسیارەکانی ئێمەی خەڵک و بەتەنگەوەهاتووی پرسی گەلەکەمان"کە یەنکیش بەشێکە لێی"، دایەوە، بۆ ئێمە سەلماند: یەنک ئێمەی خەڵک بە ساویلکە دەزانێ و پێی وایە تەنها چاومان هەیە بۆ بینینی ئەو وێنانەی کە خۆی مەبەستێتی ببینین. پێی وایە گوێمان نییە بۆ بیستنی هەواڵەکان و هەست و هۆشمان نییە بۆ لێکدانەوە و شیرۆڤەکردن. دواجاریش پێی وایە دەممان نییە بۆ گوتن و پرسیارکردن و داواکردنی ڕاستی "وەک خۆی" وەک مافێکی ڕەوای خۆمان. "ئێمەی جەماوەری کوردستان"کە بەشێکین لە مەسەلەیەک و چارەنووسی ئێمە "وەک کورد" هێندەی سەرانی حیزبەکان دەیسازێنن، خۆمان مافی سازکردنیمان نەبووە "بەهۆی ئەو نەریتە سیاسییە ڕۆژهەڵاتییەی کە مەخابن بە زێدەڕۆییشەوە حیزبەکانی کوردستان پێڕەوی دەکەن" و، لە بڕیاردانی چارەنووسسازانەدا جەماوەر ئاگادار ناکەنەوە.

ڕەنگە چاوەڕوانی زۆربەمان لە یەنک بەوهۆیەوە زۆرتر بێت، چونکە لە تیۆریدا بێپەروا خۆی وەک حیزبێکی سۆسیالدیموکرات، دیموکراسی و پێشکەوتنخواز پێناسەکردووە و گوێمانی ئاشنای ئەو چەمکانە کردووە کە بەردەوام پێیانەوە دەنازێ و لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا لەو بوارانەدا خۆی وەک دەگمەن و بێهاوتا بینیوە، وەلێ لە کردەوەدا زۆر جاران بەڵگەی سەلمێنەری پێچەوانەی داوینەتە دەست. کە ڕەخنەشمان ئاراستەی ئەو دژخۆگۆییانەی کردبێت کە لە نێوان(وتار و کردار)یدا ڕوو دەدەن، لێمان پەست بووە[1].
بەڵام هەر یەک لە ئێمە کە خاوەنی ساڵانێکی دووردرێژی خەباتین و ئێستاش بە میتودی جۆراوجۆر و جیاواز لەو تێکۆشانە بەردەوامین و هەستێکی توندی بەندیواری بە کێشەی کورد و، هەستێکی قووڵی بەرپرسیاری بەرامبەر بە کۆمەڵگەی خۆمان، وا دەکات گوێڕادێرین بۆ بیستنی هەواڵە سیاسییەکان، چاوڕادێرین بۆ بینی ڕاستییەکان، دەرکمان چالاک بکەینەوە بۆ پێشبینیکردنی ڕووداوەکان، هۆشمان ڕابخەین بۆ ئاگاداربوون لە هاوکێشەسیاسی و ئابوورییە پەیوەندیدار و بە کوردستانەوە پەیوەستەکان، لە ئاکامیشدا بۆ بەرگریکردن لە هەموومان زمانمان وەگەڕخەین و بۆچوون و گومان و پرسیارەکان دەرببڕین و بوروژێنین و ئاراستەیان بکەین.

[1] بەڵگەی ئەوەی کە یەنک لە ڕەخنە و ڕەخنەگرانی پەست دەبێت، لە دۆخێکدا ئەم هاوینە لە کوردستان ڕووبەڕووی خۆم بووەوە. ئەندامێکی باڵای یەنک لە پای ئەو ڕەخنانەی کە لە یەنک گرتوومن سەرکۆنەی کردم. بۆ من سەیر بوو کە ئەندامێکی ڕووناکبیری یەنک بەم شێوەیە لە ڕەخنە بڕوانێ و وەک دژایەتی لە قەڵەمی بدات و لێی پەست بێت، لە جێی ئەوەی ئەو ڕەخنە بیخاتە نێو دۆخی بەخۆداچوونەوە و بە پرۆگرامی حیزبداچوونەوە و، لە ئاکامیشدا سوپاسکردنی ئێمە کە هەر بە خۆڕایی پێشنیاریان دەخەینە بەردەست و، ڕێنومایییان دەکەین و لە هەڵە و کەموکوڕییەکانیان ئاگاداریان دەکەینەوە.

ئەگەر چی هەستێکی وام هەیە کە سەرانی یەکێتی ئەگەر هەر"بە حاڵ"یش گوێ لە ڕەخنەی سیاسی بگرن، ئەوە گوێ لە ڕەخنەی "پیاو" دەگرن نەک ڕەخنەی"ژن"، ئەو هەستەشم لە خۆڕایی لا دروست نەبووە و دەیسەلمێنم چۆن و بۆ؟ ینک 34 ساڵە دامەزراوە و سەرکردایەتییەکەی تەنها و تەنها و تەنها بریتی بووە و پێکهاتووە لە پیاو.

پێناچێ باوەڕ بکەن ژنی کوردستان بۆ سیاسەت دەشێ، دەنا هیچ حیزبێک هەیە لە دنیادا خۆی بە پێشکەوتنخواز بزانێت و "تەنانەت" بۆ بانگەشەش ژن لە سەرکردایەتییەکەیدا نەبێت؟![2]. ڕەنگە ئەم بەڵگەیە لە هەموو بەڵگەیەکی تر بەهێزتر بێت بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ینک گوێ لە ڕەخنەیەک ناگرێت سیاسی بێت و ژنێک نووسیبێتی یان گرتبێتی، بە هەرحاڵ گوێ بگرێ یان نا ئەوە کێشەی خۆیەتی.

من وەک هەردەم خۆم لەبەردەم ئەو پرس و دیاردانەی کە پەیوەستن بە چارەنووسی گەلەکەمەوە بە خاوەن دەزانم. لە ڕووی ئەو بەرپرسیاتییە مێژووییەوە وەک ژنێکی خەباتکار و وەک چاودێرێکی سیاسی، ئەم بۆچوونانەی خۆم دەردەبڕم.

دوای ئەم دەروازەیە، کە بۆ چوونە نێو بابەتەکە بە پێویستم زانی، وەژوور دەکەوم. لەو خاڵەشەوە دەستپێدەکەم ، ئەو وەڵامە بکەم بە پرسیار کە سەرکردایەتی ینک لە دوای کەشی پڕ لە چاوەڕوانی و چاودێری بە خەڵکی دایەوە و بە مانیشتی گەورە نووسرا: یەکێتی جێگرێکی بۆ مام جەلال دانا. منیش ئەم وەڵامە بەم شێوەیە دەکەم بە پرسیار:

## ئاخۆ کێشەکان بە دانانی جێگر چارەسەر دەبێت؟ یان..

لەناو ئەمساڵدا، ساڵی 2004، بە داهێنانی دیاردەیەکی نوێ، چ لەسەر ئاستی کێشەی کورد و چ لەسەر ئاستی کێشەی ناوخۆیی حیزبەکان، وەڵام بە داخوازییەکانی خەڵک دەدرێتەوە و دەویسترێ چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کورد پڕ بکرێتەوە. ئەویش دیاردەی داهێنانی "جێگرێتییە".

لە سەر ئاستی کێشەی کورد، کێشەیەک کە ڕەگێکی قووڵی مێژوویی، جوگرافی، سیاسی، ئابووری و کلتووری هەیە، بینیمان کێشەکە بە دانانی دوو "جێگر" بۆ "سەرکۆماری کاتی" و"سەرۆکوەزیرانی کاتی" عێراق کورت کرایەوە و وەکو جۆرێکی چارەسەرێکی سازشکارانەی کاتی لە لایەن سەرانی کوردەوە جەماوەری چاوەڕوانی کوردی پێ هێمن کرایەوە. پرسیارەکە ئەوەیە:

---

[2] بڕوانە وێنەکانی کۆبوونەوە سیاسییەکانی سەرکردایەتی ینک و بڕوانە کوردسات کە کۆبوونەوە سیاسییە گرنگەکان پیشان دەدات بزانە ژنێک دەبینی. بڕوانە کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای پارتی و یەکێتی کە کۆدەبنەوە بۆ یەکخستنەوەی دوو ئیدارە، بڕوانە دیدارەکانی مام جەلال. ڕەنگە لێرەدا پرسیارێک بێتە ئاراوە و بگوترێ ئەی خۆ هەر یەکێتی نییە کە ژن لە سەرکردایەتیدا نییە، هەموو حیزبەکانی کوردستان وان. بەڵێ مەخابن دەزانم وایە، وەلێ من ئەم باسەم تایبەتی و سنووردارە بە ینک. دەنا دەزانم پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدە تەنها یەک ژن "شیرین ئامێدی" لە سەرکردایەتییەکەیدا هەیە ئەویش بۆ بانگەشەیە. ڕەنگە کەسێک پێی وابێت ئەوەم بیر چووە کە لەناو حکومەتی ئیدارەی سلێمانی چوار وەزیری ژن هەیە بە باراورد لەگەڵ هەولێردا کە یەک وەزیری تاقانەی ژنە، نەخێر بیرم نەچووە و پێشم وایە ئەوە دیاردەیەکی پۆزەتیڤە و گرنگیشە، بەڵام دیسان جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە بە تایبەت باسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەک حیزبێک دەکەم نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئیدارەی سلێمانی و هەولێر.

- ئەگەر مافە سیاسییەکانی کورد لە "جێگرێتی"دا کورت بکرێنەوە، هیچ مانایەکی دەمێنێت؟
- ئایا "جێگر" ئەگەر لەم دۆخەی کورددا شیرۆڤەیەکی سیاسی، دەروونی، کۆمەلایەتی و تەنانەت ئابووریشی بۆ بکەیت یەکسان نییە بە پلەی پاشکۆ؟
- ئایا قایل بوون بەو پلەیە بە "پێوەری سیاسەت"گەڕانەوە نییە بەرەو دواوە؟ دەستهەلگرتن نییە لە ناسنامەی سیاسی کورد؟

ڕەنگە لە ڕوانگەی جیاوازە وەلام بەم پرسیارانە بدرێتەوە و هەموو لایەک هاوڕانەبین و ئەمەش ئاساییە، بەلام لە ئاکامدا کام لایەن بە بەلگەی بەهێزتر و قایلکەرتر بۆچوونەکانی خۆی پشتئەستوور بکات، زیاتر دەتوانێ جێگەی متمانە بێت. هیچ بۆچوونێک کە لەسەر بناغەی گۆترە بنیاتنرابێ، جێگە ناگرێت و متمانەی پێ ناکرێت. ئاو بە لیتر، پارچە بە میتر، کارەبا بە ئەمپێر و سیاسەتیش بە دەستکەوت دەپێورێت.

ئێمە لە ڕاپەڕینی بەهاری 1991 دا سێ شاری باشووری کوردستانمان ئازاد کرد و، لەوساوە هەتا ئەمڕۆ، دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییە زۆر گرنگە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەی لە دنیا، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و لە عێراقدا ڕوویاندا، بە ڕووخاندنی سەددامی دیکتاتۆریشەوە، ئێمە چیترمان دەستکەوت؟ کێشەی کەرکوک، کە لە پرسی کورددا بناغەیی و چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەیە کە دەکرێ بیکەین بە پێوەری "دەستکەوت" ی سیاسی کورد، تا ئەم ساتەی ئەم دێڕانەی تێدا دەنووسم کەرکوک تۆپێکە لە گۆڕەپانی عێراقدایە و جگە لە عەرەب ،تورکییش لەو گۆڕەپانەدا یاریکەری ئەکتیڤە.

لە یاسای بەرێوەبەرێتی کاتی دەولەتی عێراقدا کەرکوک لە کوردستان دابڕێنراوە، چۆن؟

" هەر کۆمەلە پارێزگایەک کە لە سێ پارێزگا زیاتر نەبن لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان،بەغدا و کەرکوکی لێ دەرچێ، بۆیان هەیە لە بەینی خۆیاندا هەرێم پێک بهێنن.. . بەشی هەشتەم/ مادەی 53/برگەی جیم."

لەناو یاسای بەرێوەبردنی کاتی دەولەتی عێراقی نوێدا کە نوێنەرانی کوردیش ئیمزایان کرد و وەک دەستکەوتی مەزن باسیان کرد، کەرکوک لە کوردستان ترازێنراوە. وا دەبینین هەلبژاردەکان نزیک دەبێتەوە و، شاری کەرکوک لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستاندا مامەلەی لەگەل دەکرێت و، خەلکی کەرکوک "کوردەکان" مافی دەنگدانیان لە هەلبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا لێ زەوت کراوە و ئەمەش "ئەگەر بە کردەوە ڕوودات و سەرانی کورد پێی قایل بن" مانای ئەوەیە بەو لێکترازانە جوگرافی و لێکدابڕانە سیاسییە قایلن. ئەمەش بە پێوەری سیاسەت واتای "لەدەستدان" دەدات.

ئیدی بەلگەی لەوە ڕوونتری پێ ناوێ بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کێشەی کورد لە عێراقدا بە دانانی دوو "جێگر" نەک چارەسەر نابێت، بەلکە تەمومژێکی سیاسی ئالۆز دروست دەکات و وێنەیەکی دردۆنگانە "وەمی" لە پرسی کورد پیشان بە ڕای گشتی دنیا و کۆمەلگەی نێونەتەوەیی دەدات. وێنەکەش ئەوەیە کە پرسی کورد وەک چارەسەرکراو دەبینرێت، لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە سەختتر و ئالۆزکاوتر دەبێت. جێگرەکانی عەلاوی و یاوەر، با کوردیش بن، بەلام جگە لەوەی دەسەلاتیان

سنووردارە و ستاتوویەکی سێبەرئامێز و پلەدوویان هەیە، ئەوان لە کاتی پەیڤین و پیادەکردنی دەسەڵاتە سنووردارەکانیشدا زمانحاڵی دەوڵەتی عێراقن نەک کوردستان.

**ئەی کێشەی ینک چی؟ ئەویش بە جێگر چارەسەر دەبێت؟**

چاودێرانی سیاسی و بەدوواداچووانی پرس و کێشەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان گومانیان لەوە نییە کە نەوشیروان مستەفا سیاستمەدارێکی لێهاتوو، ڕۆشنبیر و دەستپاکە، بەڵام ئاخۆ کێشەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تەنها کێشەی دەسەڵاتی ڕەهای مام جەلالە تا بە سنووردارکردنی دەسەڵاتی و دانانی جێگرێک بۆی، چارەسەر ببێت؟ یان پێویستی بنەڕەتیتر لە ئارادایە و خۆی دەسەپێنێ و لەم قۆناغەدا کە چ بۆ کورد و چ بۆ حیزبەکان چارەنووسسازە، جێبەجێکردنەوەیان پێویستە.

بە بۆچوون و هەڵسەنگاندنی من کێشەی بنەڕەتی ینک وەکو حیزب، کێشەی ناسنامەیە. کێشەی مەودای نێوان ئاکار و ڕووخساری ڕاستەقینەی و، ئەو پەسنانەی کە لەناو ناسنامەکەیدا وەک نیشانەگەلی جیاکەرەوە "علامات الفارقە" تۆمار کراوە.

بە پێی وێژەی ینک، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی و بانگەشەکانی، نیشانەگەلی جیاکەرەوەی ینک لە حیزبەکانی دی ئەوەیە کە: سۆسیال دیموکراتە، سیکولارە و پێشکەوتنخوازە. کاتێک ئێمە بەراوردی وێنەی ینک لە ناو ناسنامەکەی و وێنەکەی سەر زەمینی واقیعی دەکەین، مەودا و بۆشاییەکی گەورە هەست پێ دەکەین. دەبینین ئەم دوو وێنەیە لە یەکتری ناچن. کەواتە قەیرانی سەرەکی لەناو ینک دا قەیرانی ناجێگیری ڕووانینێتی.

لە ناسنامەکەیدا ینک پێشکەوتنخوازە، سیکولارە و سۆسیالدیموکراتە بەڵام لە سەر زەمینی واقیعدا:

یەکەم: ژن لەناو سەرکردایەتییەکەیدا نییە. سەرکردایەتی ینک بە شێوەیەکی ڕەها پیاوانە و باوکسالارنەیە. کە ئەمەش لەگەڵ وێنەی سۆسیال دیموکراتدا، لە یەکتر ناچن. (بڕوانە سەرکردایەتی حیزبە سۆسیال دیموکراتەکانی دنیا)

دووەم: لاوان لەناو دەزگاکانی بڕیاردانی ینک دا، بزرن.

سێیەم: لە لایەن سکرتێری گشتی ینک ەوە هێندەی پێشوازی لە سەرەک خێڵ و تایفە و عەشیرەتەوە دەکرێت و بە باڵایاندا هەڵدەدرێت، نیو ئەوەندە پێشوازی لە ڕووناکبیر ناکرێت. (تەنها تەماشای کوردسات و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بکە، ئیدی دەبینی.)

چوارەم: جیهانبینی، مرۆڤبینی، کوردبینی وئایندەبینی ینک بۆ ئێمە ڕوون نییە.

پێنجەم: هەیکەلی ڕێکخراوەیی و سترکتووری دەسەڵات هەرەمییە و سکرتێری گشتی دەسەڵاتی ڕەهای هەیە.

بە بۆچوونی من بە دانانی جێگر بۆ مام جەلال تەنها ڕەچاوی خاڵی پێنجەم کراوە و تەنها ئەوە بە کێشە بینراوە. ئەگەر هەر ئەوە بە کێشە زانرابێت، مانای ئەوەیە گۆڕانکارییەکانیش شەکڵی دەبن نەک ناوەڕۆکییانە. دەستنیشانکردنی کەموکورییەکان، نیوەی چارەسەرییەکەیە. لە هەنووکەی چارەنووسسازدا ینک پێویستی بەم هەنگاوانەیە:

یەکەم: ڕوونکردنەوەی ڕووانینی ینک. واتە ینک پێویستی بە تیۆریسێنە، کە ئەم ئەرکەیان بە کەسێکی وەک نەوشیروان مستەفا دەکرێت، وەک کەسێکی ڕووناکبیر و نووسەری ناو ینک.
دووەم: خۆسازکردنەوەی ینک لە نێوان نەریتی بوون و هاوچەرخ بوون. ینک ناتوانێت بە شەمەندەفەری نوێ بەسەر هێڵی کۆن دا بڕوات و خۆی وەک نوێخواز پێناسە بکات. یان لە ناسنامەش و لە ڕەفتاریشدا نەریتی بێت، یانیش لە ناسنامە و ڕەفتاریشدا پێشکەوتنخواز و سیکولار.
ئەگەر یەکەمیان هەڵدەبژێرێت، ئەوە پێویستی بە دەستکاری نییە و خەمناکات و بامام جەلال لەسەرووی هەرەمەکە بێت و جێگرێکی بۆ ڕەمز بۆ دابنرێ و سەرکردایەتییەکی پیاوانەی ڕەهای هەبێت. ئەگەر هێڵی دووەم هەڵدەبژێرن پێویست بە خۆسازدانەوەیەکی "Reorganisation" بنەڕەتی دەبێت لە هەیکەلی گشتی و لە سترکتووری ینک دا، بە جۆرێ کە هاوسەنگییەکی تێدا بێت لە نێوان توخمەکانی کۆمەڵگە، چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. لەم خۆسازدانەوەیەدا پێویستە کلتوورێکی سیاسی مۆدێرن و مرۆڤسالارییە جێگە بەو کلتوورە باوکسالارییە لەق بکات. ڕووانینی نوێ بێتە ئاراوە. هەموو شتێ ڕوون و ڕەوا بێت، دیاردەکان پێناسەکراو بن و پێناسەیەکان نوێ و ناوازە بن. مرۆڤبینی، دیاردەبینی، ئایندەبینی و هەموو ئەمانە ڕوون و ڕێکخراو بن. ستانداردێک هەبێت بۆ ڕەفتاری ئەندامەکان، کادیر و پێشڕەوەکان. دەرفەت هەبێت و فەرەهام بکرێت بۆ گەشەسەندنی چین و توێژە لەمەوبەر دەرفەتنەدراوەکان بۆ نموونە ژنان و لاوان. زەمانێکی سیاسی نوێ پێکبهێنرێ بۆ ئاخاوتنی سیاسی، بۆ گوزارەکردن لە کێشەکانی کۆمەڵگە، بۆ دەربڕینی ئازاد، بۆ دەستنیشانکردنی ماف و دادگەری. زمانێکی بێلایەن و خاڵی لە هەڵاواردنی نێوان تووخمەکان، دوور لە زمانی باوکسالارانەی کە تا ئەمڕۆ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەموو حیزبەکاندا باوە. بە دیمەنێکی سیاسی نوێ و مۆدێرن چاومان ڕا بهێندرێت، وێنەکان جیاواز بنوێنن لە وێنەکانی ئێستا. گوزارە بن لە ڕاستەقینە، لە پێشکەوتن، لە دادپەروەری و لە مرۆڤپەروەری.

...

2004/10/25

ستۆکهۆڵم